# هەواڵەکانی کوردستان

## بۆمبارانی چەند ناوچەی سنوریی لە کوردستانی عێراق لە لایەن تورکیەوە

شەوی یەکشەممە و بەیانی دوشەممە ١٥ی ڕێبەندان، چەند ناوچەی سنوریی کوردستانی عێراق لە لایەن فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی تورکیەوە بۆمباران کران .

بە پێی ڕاپۆرتەکان، بەرزاییەکانی "بولی" لە ناوچەی "سیدەکان" و دێ کانی "برادۆست، سورە زەوی، بەدران و بێجوان"، لە لایەن فرۆکەکانی سوپای تورکیەوە بۆمباران کران، بەڵام ئەو هێرشانە زەرەر و زیانی گیانی و ماڵی لێ نەکەوتۆتەوە.

شایانی باسە کە، جگە لە ئاوایی "بێجوان"، ئەو دێ یانەی دیکەی کەوتوونە بەر هێرش، پشتر چۆڵ کرا بوون و دانیشتوانی ئاوایی "بێجوان"یش بە هۆی بارینی بەفری زۆر ناتوانن دێ کەیان بە جێ بهێڵن.

***

## ئێعدامی دوو کەس لە سنە

ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی ڕێبەندان دوو کەس بە ناوەکانی بێهزاد نادری و ئەرسەلان بەرزگەر خەڵکی شاری سنە دوای ئەوەی پێشتر بە ناو شاردا گێڕایانن، لە زیندانی سنە ئێعدام کران. بە پێی هەواڵ ١٧ پەروەندەی ئاژاوەنانەوە بۆ ئەو کەسە دروست کرابوو، وە دەگوترێ هۆی ئێعدام کردنیان خواردنەوەی مەشروب و بە شەرهاتن لەگەڵ مەئموورانی ڕژیم بووە.

***

## گرتنی مامۆستاییێکی ئایینی لە سنە

مامۆستاییێکە ئایینی بە ناوی مامۆستا ئەیوب گەنجی، پێش نوێژی هەینی مزگەوتی قەبای سنە و وانە بێژی دەرسی دینی لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە گیراوە.

دەگوترێ ناوبراو لە نوێژی هەینی دا باسی مردنی ئیبراهیم لوتفلاهی خوێندکاری سنەیی و دووی ڕێبەندان و نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕژیمی کردوە.

***

## بنکەی سۆما لە مەهاباد داخرا

فەرمانداری ڕژیم لە مەهاباد، بنکەی فێرکردنی زمانی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سۆمای لە شاری مەهاباد داخست.

داخرانی ئەو بنکە فەرهەنگیە بە هۆی هەڵسووڕانی لە باری فێرکردنی زمان و ئەدەبی کوردیدا بووە.

ماوەییێکە دەسەڵاتدارانی ڕژیم زیاتر لە ڕابردوو، فشاریان خستۆتە سەر ڕۆشنبیران و ناوەندە زانستیە سەربەخۆکان لە کوردستان و بە بێ هیچ تاوانێك ڕێگە لە کار کردنیان دەگرن.

***

## گیرانی چەند کەس لە شاری سنە

ماڵپەڕی موکریان بڵاوی کردوەتەوە، بەم دواییانە چەند کەس بە ناوەکانی بەختیار مورادی، موزەفەر کازمی، نەزیر شاکری، عوسمان ئەیوب پور، فەرهاد ئەیوب پور لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە گیراون کە تێکڕایان خەڵکی دێی (شیانی) شاری سنەن. تاوانی گیراوەکان پرۆپاگەندە لە دژی ڕژیم ڕاگەێندراوە.

***

## گیرانی کەسێك لە بۆکان

ماڵپەڕی موکریان بڵاوی کردەوە ئافرەتێك بە ناوی سارا عەزیززادە، لەلایەن دادگای شاری بۆکان بانگ کراوە. ناوبراو تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی لێ دراوە و دەبێ لە ڕۆژی ٨ی ڕێبەندان خۆی بە دادگا بناسێنێ.

دەگوترێ سارا لە ڕابردوودا گیراوە بەڵام بە زەمانەت ئازاد کراوە.

***

## ناڕەزایەتی ٥٠٠ کەس لە خاوەنی ماشینە بارهەڵگرەکانی قەسری شیرین

زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خاوەن کامیونەکانی شاری قەسری شیرین، دەستیان دایە نارەزایەتی لە دژی ڕژیم.

نارەزایەتی خاوەن ماشینەکان لە سەر وەزعی خراپی ژیانیان و خراپی ڕێگە سنووریەکان بووە و داوایان کردوە ڕژیم هەنگاوی بە پەلە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان هەڵگرێ.

***

## ناڕەزایەتی خەڵکی سنە بەهۆی گرتنی مامۆستا ئەیوبی گەنجی

ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٦، خەڵکی بەهارانی شاری سنە دوای نوێژی هەینی وکاتی هاتنە دەرەوە لە مزگەوتی قوباد دەستیاندایە ناڕەزایەتی وخوازیاری ئازادکردنی ناوبراو بوون.

نارازیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون نارەزایەتیەکە بەرینتر بکەن بەڵام لەلایەن چەند مامۆستای ئایینی کە بەڵێنی وەدواکەوتنی مەسەلەی مامۆستا ئەیوب گەنجی یان بەخەڵکەکە دا، ڕێگریان لە گەورە بوونی ناڕەزایەتی خەڵك گرت.

## هێزەکانی ڕژیم دوو خوێندکاریان لە شاری مەریوان گرت

ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ڕێبەندان هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمی ئاخوندی چوونە سەر ماڵی دوو خوێندکاری کورد بە ناوەکانی جەمشیدی بەهرامی خوێندکاری زانکۆی تەوریز و سەلام نەباتی خوێندکاری زانکۆی پەیامی نووری مەریوان و هەر دوکیان گرتن و بۆ شوێنێکی نادیاریان بردن.

جێگەی ئاماژەیە کە هەر دوو خوێندکار لە مەیدانی کاری هونەری و فەرهەنگی چالاك بوون.

## گرتنی صدیق بۆستانچی نوێنەری جوتیارانی قومقەڵا

موکریان نیوز بڵاوی کردەوە، صدیق بوستانچی نوێنەری جوتیارانی دێی قومقەڵای مەهاباد، لە ڕۆژانی ڕابردوودا گیراوە، تاوانی ناوبراو پروپاگەندە لە دژی ڕژیمی ئاخوندی باس کراوە.
صدیق بۆستانچی پێشتریش بەو تاوانە گیرابوو کە بە زەمانەت ئازاد کراوە.

***

## سەلیبی سوور داوای کرد یارمەتی پەنابەرانی کوردی ئێرانی بدەن

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەلیبی سوور ڕۆژی یەکشەممە داوای کرد ١٩٠ پەنابەری کوردی ئێرانی بۆ شوێنێکی ئەمین وەگوێزرێن، ئەو پەنابەرانە ئێستا لە ئوردوگاییێك لە نێوان عێراق و ئوردون لە بیاباندا دەژین. بە پێی ڕاپۆرتی ئاسوشیتدپرس، ئەو پەنابەرانە بەریتین لە ٢٩ خێزان کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ئوردوگای التاش لە ڕومادیە چوونە سنووری ئوردون.

پول کاستلا، بەرپرسی کۆمیتەی نێودەوڵەتی سەلیبی سوور لە ئوردون دەڵێ: تەنیا شتێك کە ئەو پەنابەرانە گەرەکیانە، ژیانێکی ئاساییە، واتە منداڵەکان بتوانن بچنە مەدرەسە و دایکەکان بتوانن کار بکەن.

ئەو بەرپرسەی سەلیبی سوور، ئەوەی زیاد کرد کە هەل و مەرج و ژیانی ئەو پەنابەرانە، حەستەم و ئازار هێنەرە.

***

## بەداخەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی گازەوە، حەوت کوردی ئاوارە گیانیان لەدەست دا

شەوی ١٢ی ڕێبەندان، لە ئوردوگای ئاوارەکانی کوردی ئێرانی (کەمپی کاوە) لە نزیك شارۆچکەی قوشتەپەی شاری هەولێر، بە هۆی هەڵ کردنی زۆپا، گاز بڵاو دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی خنکاندنی حەوت کەس لە ئەندامانی ئەو خانەوادەیە بەم ناوانە:

١ـ کاك ئەنوەر پاڵانی
٢ـ نجیبە سەفەری خێزانی ئەنوەر پاڵانی
٣ـ کەژاڵ پاڵانی کچی ئەنوەر ١١ ساڵە
٤ـ نەشمیل پاڵانی کچی ئەنوەر ٨ ساڵە
٥ـ عومەر پاڵانی کوڕی ئەنوەر ٧ ساڵە
سروە پاڵانی کچی ئەنوەر ٣ ساڵە
٧ـ ئەدیبە پاڵانی کچی ئەنوەر ٢ ساڵە

لەو خانەوادە تەنیا کچێکیان ڕزگاری دەبێ کە ئەویش ١٦ ساڵەیە و تا ئێستاش لە ژێر چاودێری دوکتوردایە.

بەبۆنەی ئەو ڕوداوە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی بە کەس و کار و دۆستانی خانەوادەی کاك ئەنوەر پاڵانی پێش کەش دەکەین.

## شاندێکی سازمانی خەبات کۆمیتەی سوئید بەشداری کرد لە مەراسیمی ٣٨هەمین ساڵرۆژی کۆمەڵە لە ساڵۆنی شیستاهاڵێن لە ستهۆکهڵم



ڕۆژی شەممە ٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٠٧ی کوردی بەرانبەر بە ٩ی فێوریەی ٢٠٠٨ی زایینی، کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بۆنەی ساڵرۆژی کۆمەڵە، لە شیستاهاڵێن لە ستۆکهلم پێتەختی وەڵاتی سوئید ڕێ و ڕەسمێکیان بەڕێوە برد. لەم ڕێ و ڕەسمەدا شاندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەشداری کرد و لەلایەن هاوڕێ تێکۆشەر کاك جەلال خۆشکەلام، پەیامی کۆمیتەی سوئیدی سازمانی خەبات ی خوێندرایەوە.

سەرەتا کاك جەلال بە پارچە هەڵبەستێکی خۆی لە سەر کوردستان دەستی پێکرد کە لەلایەن بەشدار بوانەوە پێشوازیێکی گەرمی لێکرا. لەم ڕێ و ڕەسمەدا لە سەر داوای کۆمیتەی سازمان بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵە و ئەندام و لایەنگرانی سازمان بەشدار بوون ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لە دانیشتن و ووتوێژێکی کورت نێوان کاك عەبدواللە موهتەدی سکرتێری کۆمەڵە و کاك جەلال خۆشکەلام ئەندامی دەستەی بەڕێوە بەری کۆمیتەی سوئیدی سازمانی خەبات، باس لە سەر دۆستایەتی و هاوکاری و لێك نزیکی، سازمانی خەبات و کۆمەڵە کرا. کاك عەبدواللە وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بۆ بەشداری نوێنەری سازمان لەم یادەدا، کار و چالاکی و هەوڵی سازمانی خەباتی لە پێوەند بە درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە دژی دژمنانی کورد، بەرز نرخاند و ئاماژەی بە ڕاگەیاندن و وتار و نوسراوەکانی سازمان و ئەندامانی سازمان لە سەر سایتە بەرچاوەکان و تۆڕی ئینترنێت کرد و هیوای خواست کە لە داهاتوودا بتوانین زیاتر و باشتر لێك نزیك بین و هاوکاری بکەین.

## کۆچی دوایی مەنسور ئەردەڵان

بە داخەوە هەواڵمان پێ گەیشت کە مەنسور ئەردەڵان کوڕی حەمە خانی ئەردەڵان و برای کاك بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

بەو بۆنەوە سەرە خۆشی و پەژارەی خۆمان بە کاك بێهروز ئەردەڵان و خانەوادەی بەڕێزی حەمەخان ئەردەڵان پێش کەش دەکەین، خودای گەورە سەبووریان بدا.

## پچڕانی هاوکاری بانکەکانی چین لەگەڵ ڕژیمی ئاخوندی

ڕۆژی شەممە ١٣ی ڕێبەندان، کاربەدەستێکی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمی ئاخوندی کە ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە، لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵنێری "ئیسنا" وتی: بانکەکانی چین ٤ مانگە پێوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ بانکەکانی ڕژیم پچڕاندوە.

ئەو کاربەدەستەی ڕژیمی ئاخوندی وتی: چین بە هۆی فشارەکانی ئەمریکا، ئابڵوقەی ئابوری لە دژی ڕژیمی ئێران بە کار دێنێت.

هەر لەو پەیوەندەدا، "ئەسەدوللا ئەولادی" سەرۆکی ژوری بازرگانی ڕژیمی ئێران و "چین" وتی: تا ئیستا ٤ هەیئەت لە لایەن ڕژیمی ئێران بۆ لابردنی کۆسپەکان ڕەوانەی چین کراون، بەڵام ئەو کۆسپانە هەروا لە ئارا دان.

## شاندێکی سازمانی خەبات کۆمیتەی سوئید بەشداری کرد لە مەراسیمی ٣٨هەمین ساڵرۆژی کۆمەڵە لە ساڵۆنی شیستاهاڵێن لە ستهۆکهڵم

بەشداری شاندێکی کومیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات لە مەراسیمی ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران
شاندێکی کومیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە بە شێوەی فەرمی لەلایەن کومیتەی نۆروێژی کۆمەڵەوە بانگهێشت کرابوون، ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٨/٢/١٧ ساعەت ١٧ بەشداریان لەڕێورەسمی ٢٦ی ڕێبەندان لەشاری ئۆسلۆ کرد. شاندی سازمانی خەبات پێکهاتبوون لە هاورێ عەبدوڵڵا قادری بەرپرسی کومیتەی نۆروێژ و هاورێ مەحمودی یۆسفی بەرپرسی پێوەندی پارت و لایەنە کوردستانی و ئێرانیەکان لە نۆروێژ بەشداری ئەو ئاهەنگە بوون.

شاندی سازمانی خەبات لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئاهەنگەکە پێشوازێکی گەرمیان لێکرا و پەیامی سازمان بەو بۆنەیە پێش کەش کرا. هروەها شاندی سازمان چاویان بە کاك عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتیری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بەرێز موهتەدی ئاماژەی بە دەوری چالاکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەجولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات و دژ بە ڕژیمی ئاخوندی کرد و تێکۆشانی سازمانی بەرز نرخاند.

## جارێکی دیکە ڕژیمی ئاخوندی کردەوەی تێکدەرانە و دژە مرۆڤایەتی ئە نجام دا

ڕۆژی ٢٠ مانگی ڕێبەندانی ١٣٨٦ کۆچی خۆری دەست و پێوەندەکانی ڕژیمی ئاخوندی لەکردەوەیکی جینایتکارانە ئیزگەی ئاوگەیاندنی شاری ئەشرەفیان لە نزیك خالیس تەقاندەوە ورێگەیان لە گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بو دانیشتووانی شاری ئەشرەف گرت.
جیگەی ئاماژە پێکردنە، ئەو کردەوە لەکاتێك دا بەڕێوەدەچێ کە دادگای بریتانیا بە حوکمێك داوای کرد موجاهیدین لە لیستەی ترۆریستی دەربهاوێژرێ و لە هەمانکاتدا چەندین سەرکەوتنی دیکەی لەناوەندە جیهانییەکان وەدەست هێناوە. لەلایەکی دیکەوە بە نزیك بوونەوەی کاتی پەسەند کردنی سێهەمین بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووکان لەدژی بەرنامە ناوکەییەکانی ڕژیم، شاهیدی تەریك کەوتنەوەی زیاتری ڕژیم لەناوەندە نێودەوڵەتیەکاندان کە بێ گومان ئەو هەل و مەرجانە کاریگەری بووە لەسەر هەوڵەکانی بەکرێگیراوانی ڕژیم بۆ ئەنجام دانی ئەو کردەوە ترۆریستیە.
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ئەو کردەوە دزێوانەی ڕژیمی ئاحوندی ئێران بە توندی مەحکووم دەکا و پێ دادەگرێتەوە کە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بەو پیلانانە ناوێستێ و تا گەیشتن بە ماف و ئامانجە بەرزەکانی خەڵکی ئێران و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی بەردەوام دەبێ.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**
**کومیتەی ناوەندی**
**١٣٨٦/١/٢١**

## یەکێتی ئوروپا لە ڕاگەێندراوێکدا نیگەرانی خۆی لە سەنگسار لە ئێران دەربڕی

لە ڕاگەێندراوێکدا یەکێتی ئوروپا نیگەرانی لە حوکمی سەنگسار بۆ سێ تاوانبار دەربڕی و داوای لە بەرپرسانی ڕژیمی ئاخوندی کردوە حوکمی سەنگسار لە قانوونەکانیان لابەرن.

لەو ڕاگەێندراوەدا بەڕێوەچوونی حوکمی کوشتن بە بەردەباران بۆ تاوانباران بە حوکمێکی (زاڵمانە و قێزەون) زاندراوە و بە ئاماژە بە ناوەکانی زەهرا کەبیری نیەت، ئازەر کەبیری نیەت و عەبدوڵا فریوەر، کە وێ دەچێ بەم نزیکانە بەردەباران بکرێن نیگەرانی دەربڕیوە.

لە ڕاگەێندراوی یەکێتی ئوروپادا هاتووە ، لەگەڵ ئەوەی لە دووهەمین کۆبوونەوەی نێوان هەیئەتەکانی مافی مرۆڤی ئێران و یەکێتی ئوروپا لە ساڵی ٢٠٠٣ بە یەکێتی ئوروپا ڕاگەێندراوە، حوکمی سەنگسار لە ئێران هەڵپەسێردراوە، بەڵام ئەو حوکمە لە قانوونی ئێراندا هەر وەك خۆی ماوە و قازیەکان لە دادگاکانی ڕژیم ئەو حوکمەیان دەرکردوە و جێ بە جێ یان کردوە.